**هەڤاڵی بەڕێز  مام خدر، سکرتێری گشتی بزووتنەوەی دیمۆکراتی گەلی کوردستان**

**هەڤاڵانی بەڕێزی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوەی دیمۆکراتی گەلی کوردستان**

بەر لە هەموو شتێک لە سەر ناوی هەموو ئەندامانی بەڕێوەبەر و کادێرانی کۆما جڤاکێن کوردستان، کەجەکە، سڵاوی گەرمی خۆمان پێشکەش بە ئێوەی بەڕێز دەکەین و بە بۆنەی ٢٥ی ئاب،  یادی ٢٩ ساڵەی دامەزراندنی بزووتنەوەی دیمۆکراتی گەلی کوردستان پیرۆزبایی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز و هەموو تێکۆشەران و ئەندامانی بزووتنەوەکەتان دەکەین و لە کار و خەبات و تێکۆشاندا سەرکەوتنتان بۆ دەخوازین.

بێگومان بزووتنەوەی دیمۆکراتی گەلی کوردستان وەک بزووتنەوەیەکی چەپی دیمۆکراتی لە قۆناخێکی زۆر هەستیاردا  و بە ئامانجی کردنەوەی رێگەچارەیەکی نوێ بۆ دەربازبوونی گەلەکەمان لە قەیران و شەڕ و ناکۆکییەکان و چارەسەرکردنی کێشە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکان دامەزرێنرا. بە درێژایی ئەم ٢٩ ساڵە بزووتنەوەی دیمۆکراتی گەلی کوردستان بەردوام لە ناو هەوڵداندا بووە و تێکۆشاوە بۆ بەدیهاتنی دادی کۆمەڵایەتی و ئاشتی و ئارامی و لەم پێناوەشدا رووبەڕووی زۆر زەخت و گوشار بۆوەتەوە. لەم قۆناخەی ئەمڕۆماندا  کە دوژمنان و ناحەزانی گەلەکەمان، بە تایبەت دەوڵەتی داگیرکەری تورکیا و بەکرێگیراوە ناوخۆیی و هەرێمییەکانی، بەردەوام لە پیلانگێڕی و هێرشدان بۆ ئەوەی کە ئاو و خاکمان داگیربکەن و لە سەر زێدی خۆمان ئاوارەمان بکەن و ناسنامەی نەتەوەییمان بسڕنەوە، بێگومان ڕۆڵی بزووتنەوەکەتان زۆر گرنگە لە هۆشیارکردنەوەی گەلەکەمان لە مەترسییەکان و هەڵوێست وەرگرتن بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشە داگیرکارییەکان و لەسەر ئەم بنەمایەش پتەوکردنی گیانی یەکێتی نەتەوەیی و پەرەدان بە تێکۆشانی دیمۆکراتی.

جارێکی دی پیرۆزبایی گەرمی خۆمان ئاراستەی ئێوەی بەڕێز دەکەین و هیوادارین لە خەبات و تێکۆشاندا هەمیشە سەرکەوتوو و سەرفیراز بن.

لەگەڵ ڕێزدا

**کۆما جڤاکێن کوردستان**

**٢٤ی ئاب، ٢٠٢٤**